# که منداڵ بووین

  

که منداڵ بووین
دایک وباوکمان
لـه دوورەوە پیشانیان داین بابـەگوڕگوڕ
پێیان ووتین،کەوا سوتێنـەرە ئاگر
ئێستا گەورەین
بابـەگوڕ گوڕیش دەبینین
ئاگری کـەرکوکیش دەبینین
کەچی ، نـەک هیـچ ناسوتێنێ
ئـەوەتانێ
خاک و دار و بـەردی ئـەوە
دەسوتێت و گڕ دەستێنـێ
- - -- --
که منداڵ بووین
پێیان ووتین، کـەرکوکە دڵـی کوردستان
کە گەورە بوین،
کردیانـە قودسی کوردستان
بـەڵام نـەک دڵ،
نـەوەکو هـەر قودس نییـە
ئـەوەتانێ
بوە شاری برایـەتـی
شاری هـەموان، پێکـەوە ژیان
ئـەوەتانێ،
نـەک هـەر عـەرەبی هاوردە
بۆتـە خاوەن ماڵ تورکمان
- - - - -
که منداڵ بووین
بـەتۆپزی دەریان کردین لـە ماڵ خۆمان
ئاوارە بووین

لە زێدی خاک و لەماڵی
باوو باپیرانی خۆمان
ئێستا گەورەین
گەڕاینەوە شاری خۆمان
نەوەکو هەر هیچمان  نییە
ژێر خێمەیە، ژێر ڕەشماڵە
ژیانمان، گوزەرانمان
بەناچاری جارێکی تر
ئاوارە بووین

پەرتەوازەی شار و لادێ و شارۆچکە بووین
کەچی لەبری پێشوازی
وا بە خاین ناویان بردین
--- - -
ئێستا گە ورەم و سڵ ناکەم
دەچمە سەر مەزاری باوکم
ئائەم پرسیارەی لێدەکەم:
باوکی مردووم
وەرە زمان و پێم بڵێ:
تۆ پێت ووتم، کەوا ئاگر سوتێنەرە
ئەدی چۆنە کەرکوک ئاگری هەیە
کەچی هیچ شت ناسوتێنێ
بۆ بە تەنیا
خاک و دار و بەردی ئەوە
دەسوتێت و گڕ دەستێنێ
دەپێم بڵێ
چۆنە ئاگر، ئاگری تر دەسوتێنێ؟
-- - - -
هۆ کەرکوکم
هۆ شارەکەی مامەڕیشە
حسێن عەلی، عەلی مەردان
ڕۆژێک دادێ

خاک و ئاو و دا رو بەردت
چیدی بە ئاگر نەسوتێ و ڕزگارت بێ
لەپێدەشتی دایکی ئەنفالدا
لەگەرمیان
دیار بەکر
سنە و قامیشلی و هەڵەبجە
بیکەن بە شایی و هەڵپەڕکێ
ئەوسا ئیتر
ئەوەی کورد بێ، ئەوەی مەرد بێ
نەوەی کاوەی ئاسنگەر بێ
بە مەشخەڵی ئاگری جەستەی زەکیە ئەلکان
لەپاڵ گڵکۆی بابە گوڕ گوڕ
ئەیکاتەوە ئاگری سەرکەوتنی کوردان
ئەوسا ئیتر
شەهید لەگۆڕ هەڵدەستێ
لە لاپەڕەیەکی تازەی میژووی مرۆڤایەتیدا
وا دەنووسێ:
کەرکوکە شاری کوردان
ئەما شاری برایەتی
ئەما شاری پێکەوە ژیان
لە ئەمڕۆوە
هەر کەرکوکە، تەنیا پایتەختی کوردستان

ڕزگار گوڵەباخ / بەرلین